# MARXISME FESTIVAL 2005

# EEN WERELD TE WINNEN!

## جیهانێک ببەینەوە

## ناونیشانی فیستیڤاڵی مارکسیزمی ( ٢٠٠٥ ) ی هۆڵەندایە

هەموو ساڵێك ڕێکخراوی ( ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی ) هۆڵەندا ، بە هاوکاریو بەشداری لایەنە سۆسیالیستەکانی تری هۆڵەنداو هەندێ لایەنو کەسایەتی ئازادیخوازی تر ، ئەم بۆنەیە ساڵانە سازو ئامادە دەکات ، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژەکانی ( ٢٢ ، ٢٣ ، ٢٤ ) ئەم مانگەدا واتە ( نیسان ) فیستیڤاڵی ساڵی ( ٢٠٠٥ ) ئامادە دەکەن ، لەم فیستیڤاڵەدا ( ٤٠ ) جۆر بابەتو ووتوویژ لەسەر ( گلۆبالیزم ، جەنگ ، کۆلۆنیاڵ ، خەباتی کرێکارانی جیهان ، خەباتی کرێکارانی هۆڵەندا ، داگیرکردنی عێراق ، بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی فەلەستین ، داڕوخانی ئابوری ، بێکاری ، کارەساتەکانی شەرو نەخۆشی لە ئەفەریکاو جیهاندا ، چەند بابەت لەسەر ئەمەریکای لاتینو سیاسەتی ئەمرۆی ئەمەریکا لەسەرتاسەری جیهاندا ) ، پێشکەش دەکرێت .

هەروەها چەند بابەتی تر دەربارەی :

*- ( cnn )  و ( الجزيره ) و تواناو دەسەلاتی ڕاگەیاندنەکانی تر .
*- ڕۆشنایی خستنە سەر خۆپیشاندانە مەزنەکەی ( ١٩ ) ی مارت و چالاکی بەرچاوی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی ئەوروپا لە بڕۆکسل .
*- ئامادە کردنی چالاکی دژی سوکایەتی پێکردنی موسڵمانەکان و هەڵوێستی جیاکاری و ئامادە سازیەك بۆ کاری هاوبەش دژی ڕاسیزم .
*- خۆپیشاندانی نوێی قووتابیان لە مانگی ( نیسان ) دا دژی پلانی ( Rutte ) .
*- ئامادە کردنی خۆپیشاندانو نارەزایەتی دژی ( G8-top ) لە سکۆتلەندا ، کە بریتیە لە خۆئامادەکردنێکی گشتی بۆ شەر .
*- شیکردنەوەی هەندێ هەڵوێست دەربارەی سەردانەکەی ( بۆش ) لە ( ٢ ) ی ئەپڕێل بۆ هۆڵەنداو کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندادا .
*- ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە سەدەی بیستو یەکدا .
*- دەربارەی کاری سیاسی ( مەلکۆلم ئێکس ، غاندی ، تشی گیڤارا ، لینین ) .
*- دەربارەی ئایا ڕادیکالیزمی هۆلیوود چۆنە ؟! .
*- کلتووری بەرەنگاربوونە .
*- ( ٢ ) ی ئۆکتۆبەرو پێشکەوتنێکی بەرچاوی بزووتنەوەی نارەزایەتیەکان .
*- لە پێناو فەلەستینێکی ئازاددا .
*- خۆئامادە کردن لە پێناو بەرەیەکی یەکگرتوودا دژی ڕاسیزم .
*- ڕاست و چەپ و هەڵوێست لەسەر ڕەگەز بازی .
*- چەند فلیمو ڕیپۆرتاجی جیاواز سەبارەت بەم بۆنەیە .

ناونیشانی شوێنی نمایشکردن :
IVKO – school , plantage middenlaan 27 in Amsterdam
بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە دەتوانی پەیوەندی بەم ئەدرێسەوە بکەیت :

marxisme2005@internationalesocialisten.org